# کاتژمێرێکی هۆشمەند بە سیستەمێکی جیاواز

زۆربەی ئەو کاتژمێرە سمارتانەی لە بازاڕدان جا لەلایەن هەر کۆمپانیەکەوە بێت، بە دوو سیستەمی ئەندرۆید و ios کار دەکەن، کەمتر سوود لە سیستەمی Palm وەرگیراوە، سیستەمی ناوبراو سەردەمێك لەلایەن کۆمپانیای palmەوە ســوودی لێوەرگیرا، بەڵام کەس پێشوازی لێنەکرد، دواتر کۆمپانیای HP ئەم سیستەمەی بەکارهێنا کەچی ئەویش بە دەردی کۆمپانیای palm چوو شکستی هێنا، کاتێك LG سیستەمەکەی کڕی لەسەرەتادا سیستەمەکەی لەسەر تەلەڤزیۆنە سمارتەکانی خۆی دانا، ئێســتا کاتژمێرێکی ســمارتی بە هاوکاری کۆمپانیای Audi کە تایبەتە بە ئۆتۆمبێل ســازی بەرهەمهێناوە. ڕەنگە پرســیارێك بێتە گۆڕێ و بڵێن LG و ئۆدی چ پەیوەندییەکان پێکەوە هەیە؟ ئاخر کاتژمێرە هۆشمەندەکە جگە لەوەی سەربەخۆ وەڵامی پەیوەندییەکان دەداتەوە و کورتەپەیــام بەڕێ دەکات، کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلیش دەکات وەك کردنەوە و داخســتنی دەرگا، هەڵکردنی و کوژاندنەوەی ئۆتۆمبێل بە کورتی جێگەی سویچی ئۆتۆمبێلی گرتۆتەوە..




# وێستگەیەک بۆ شەحنکردنەوەیەک مۆبایل

وێستگەی بەنزین، کارەبا، شــەمەنەفەرمان..تاد بیستبوو، بەڵام وێستگەی شەحنکردنەوەی مۆبایل ئەویش هاتە گەڵ ناوان. وێســتگەی شــەحنکردنەوەی مۆبیال، ئامێرەکە شوێنی جێگای سێ پۆرتی USB3 و شــوێنی چەند جۆرێك میکرۆ USB و، مینی USB و شــوێنی شەحنکردنەوەی ئەپڵ و... تادی لەسەرە. جگە لەمانەی کە ئاماژەیان پێکرا، شوێنێکی هەیە وەك تای تەرازوو کە بۆ شەحنکردنەوەی ئامێرە بێ وایەرەکان، بەکورتی وێستگەکە کە گشت ئامێرەکان شەحن دەکاتەوە. لە ماڵدا یەك وێستگەی ئاوا هەبێت پێویستی بەهیچ شەحنکەرەوەیەکی دیکە ناکات.





# تەبلێتی 27 ئینجی تایبەت بە نەخشەسازان

نەخشەسازی واتە دیزاین، چ ڕۆژنامە و گۆڤار بێت، چ ئەندازیاری و ئەنیمەیشن و سێ دۆری بێت، پێویستی بە ئامێری بەهێزە، کاری گرافیکی بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت دەبێت بەهێزترین ئامێری هەبێت. لاپتۆپ و کۆمپیوتەرێکی تایبەت بە دیزاین دەبێ جیاواز بێت لە کۆمپیوتەر و لاپتۆپێکی ئاسایی. لەم ماوەیەدا تەبلێتیش هاتۆتە ریزی ئامێرەکانی تایبەت بە دیزاین و نەخشەسازی. کۆمپانیای wacom لە پێشانگای ساڵانەی CESدا دوو تەبلێتی 27 ئینجی خستەڕوو، کە بۆ هونەرمەندانی وێنەگری پیشەیی و نەخشەسازی گونجاون. تەبلێتی جۆری cintiq 27QHD و cintiq 27QHD شوێنگرەوەی تەبلێتەکانی پێشووی کۆمپانیای ناوبراون.

هەردوو تەبلێتەکە کوالیتی نیشاندانیان لەسەرووی فول ئیچ دییە. جگە لەوەش لە ئامێری کۆنتڕۆڵ لە ڕێگەی دووره واتە Express key سوود وەردەگرێت، تایبەتمەندی Touch ring یارمەتیدەرە بە شێوەیەکی سادە سکرۆڵ و زوم بکرێت. ئەو قەڵەمە تیشکییەی لەگەڵ ئەم تەبلێتانەدان نوکەکانی دەگۆڕدرێت، بۆیە بۆ هونەرمەندان بە شتێکی زۆر گرنگ دێتە ژمار.



# ئاوێنەی سیحری ڕووخسارت دەگۆڕێ

لە چیرۆکی فۆلکلۆریدا زۆر جار باسی ئاوێنەی سیحری کراوە، ئاوێنەی سیحری بە قسە هاتووە و باسی لە رابردوو و داهاتوو کردووە! بەڵام کۆمپانیای پاناسۆنیك بەڕاستی ئاوێنەی سیحری داهێناوە، ئاوێنەیەك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاتێك لەبەری رادەوەستی رەنگی پێست و ئەو شوێنانەی لە پێستتدا گرفتیان هەیە نیشان دەدات، ئاوێنەکە زیاتر بۆ ئافرەتان دەگونجێت، چونکە کاتێك سەیری خۆیان دەکەن بە ئارایشەوە نیشانیان دەدات و پێیان دەڵێت کە چ جۆرە ئارایشێك بکەن.

# لایترۆ نیگایەک بۆ هونەری وێنەگرتن



کاتێك سێ ساڵ لەمەوبەر کامێرای لایترۆ بەرهەم هات هەرچەندە بیرۆکەیەکـــی نوێ بوو، بەڵام نەیتوانی ســـەرنجی جیهانی وێنەگرتن بۆلای خۆی رابکێشـــێ، چوارچێوەی لاکێشـــەیی بەهیچ جۆرێك بۆ وێنەگرانی پیشـــەیی ســـەرنجڕاکێش نەبوو. بەڵام لە راستیدا کامێراکە کارێکـــی ئەنجام دەدات کە بە کامێرای دیکە نەدەکرا. وێنەگر دەتوانێت پاش وێنەگرتن و هەڵگرتنی وێنەکە، لەسەر هەر بەشێك لە وێنەدا نیازی بێت فۆکوس بکات، بەڵام ســـاڵی 2014 ڤێرژنی نوێی کامێراکە بەناوی Lytro IIIum کەوتە بازاڕ، کە وەك کامێرایەکی ئاسایی وایە و هەڵگرتن و بەکارهێنانی ئاسانە، کامێراکە شاشەیەکی 4 ئینجی لەمسی لەگەڵدایە.




## سیستەمی دیجیتالی زەنگی دەرگا

لە هەرێمی ئێمەدا گەرچی زۆر گرنگی بە تەکنەلۆژیای نوێ دەدرێت، بەڵام ئامێرێکی زۆر گرنگ کە پشـــت گوێخراوەو زۆریش پێویستە جەرەسی دیجیتالی ماڵەوەیە، لەمێژساڵە جەرەســـی کامێرادار لە جیهاندا ســـوودی لێوەردەگیرێ، ئەم جەرەسەی کە دەزانی کێ لە دەرگا دەدات و دەتوانی لە پشت دەرگاوە قسەت لەگەڵ بکات.. ئێستا سیستەمێکی نوێی ئەم جەرەســـە دیجیتالییە کەوتۆتە بازاڕەوە، سیســـــتەمی ring کە بە ئینتەرنێت و وای-فای پەیوەند دەدرێت. ئەگەر لەماڵ بی یان لەماڵ نەبی کاتێك یەکێك لە دەرگای ماڵەوە دەدات لەســـەر مۆبایلەکەت وێنەی نیشـــان دەدرێت و دەکرێت هەر لە مۆبایلەکەت قسەی لەگەڵ بکەی و بە داگرتنی دوگمەیەکی مۆبایلەکەت دەرگا بکەیەوە.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک




**خوێنەرێکی بەڕێز سەبارەت بە گەرمداهاتنی لاپتۆپەکەی پرسیارێکی بۆ هاتۆتە پێش، هۆکاری چییە لاپتۆپەکەم زوو زوو گەرم دادێت، چ هەنگاوێك بگرم بۆ ئەوەی کە لاپتۆپەکە گەرم دانەیەت..**

خوێنەری بەڕێز. هۆکاری گەرمبوونی لاپتۆپ گەلێکن وەك، شوێنی کارکردنەکە گەرمە، فەن واتە پەنکەی لاپتۆپەکە بەهەر هۆیەك بێت باش کارناکات، پرۆگرام گرافیکی ئەنیمەیشنی یا یاری قورسی پێدەکرێتەوە کە پاڵەپەستۆ بۆ CPU و پارچەکانـــی دیکە دەهێنێ. بۆ ئەوەی کە لاپتۆپەکەت گەرمدانەیەت دەبێت پایەی فێنککەرەوەی بۆ دابنێی، نابێ لەکاتی کارکردندا لەسەر شتی نەرم وەك بەتانی و بالیف دابندرێت. دەبێت بە قەدەر توانای خۆی کەڵکی لێوەربگری..




# مەچەکبەندێکی جیاواز لە هەمووان

لە لاپەڕەی ئایتیدا زۆر جار باســی مەچەکبەندی سمارتمان کردووە و کارایی و جۆر و تایبەتمەندییەکانمان ڕوونکردۆتەوە، تایبەتمەندی زۆربەیان وەك یەك دەچێت بە هەندێك جیاوازییەوە. بەڵام مەچەکبەندی myo جیاوازە لە هەموویان، ئەم مەچەکبەندە لە دەست دەکرێت و بە بلوتوس بە کۆمپیوتەر، یان مۆبایلێکی هۆشمەند پەیوەند دەدرێت. لەناو ئەو مەچەکبەندە هەستەوەری تایبەتی تێدایە کە دەتوانێت جوڵەکانی دەست بۆ هەرلایەك بناسێ و لێکی بداتەوە و بیانکات بە فەرمانێکی تایبەت. بۆ نموونە کاتێك مایو لەگەڵ کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت، دەتوانیت فیلمێك ببەیەوە پێشـــەوە یان بۆ دواوەی بگێڕیەوە، یان ســـلایدەکان بگـــۆڕی، لە یاری ئەلکترۆنیدا بەبێ ماوس، یان جویستیك (دەسکی ئەتاری) دەتوانی کاراکتەری یارییەکان کۆنترۆڵ بکەی.



# پڕۆگرامێک بۆ دروستکردنی وێنەی جوڵەدار




دروستکردنی وێنەی جوڵەدار بە فۆرماتی GIF یەکێکە لە باوترین ئەو کارانەی کە دیزاینەرێکی سایت، یا نووسەری وێبلاگێك ســـوودی لێوەردەگرێت. دروستکردنی لۆگۆی سەرنج ڕاکێش، لە سایتدا وایکردووە فۆرماتی GIF گرنگی زۆری پێبدرێت. گەلێك پرۆگرام هەن کە دەکرێت بەهۆی ئەوانەوە وێنەی جوڵەداری GIF بە ئێفێکتی جۆراوجۆرەوە چێبکرێن.

پرۆگرامی Ulead GIF Animator5 بە بەراورد بە پرۆگرامەکانی هاوشـــێوەی خۆی کارەکانی ئاسانترە، جگە لەوەش سایزی قەوارەی وێنەکانی کەمترە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانیت وێنەکان بە شێوەی Gif، flash. Exe خەزن بکرێن. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانیت بۆ پاوەر پوینت ئەنیمەیشنی سەرنج ڕاکێش چێ بکرێت.



# چ ڕووداوێکی گرنگ لەگەڵ لەدایک بوونی تۆ ڕوویانداوە؟

قەت بە زەینتان داهاتووە ئەو ساڵەی تۆ تێیدا لەدایك بوویە، جیهان لە چ قۆناغێکدا بووە، چ شتێکی گرنگ لـــە جیهانـــدا ڕوویداوە؟ قەت بیرت لەوە کردۆتەوە کە ئەوکاتەی تۆ لەدایـــك بوویە ڕەنگە ئینتەرنێت نەبووبێ یان ئەگەر هەشـــبێت بەم شـــێوەیە نەبووە، گوگل و ئیمێل و چات و فەیسبوك کەس بە خەیاڵیشدا نەهاتووە. سایتی What Happened in My Birthyear ئەم ســـایتەیە کە دوای ئەوەی ســـاڵی لەدایـــك بوونی خۆت تێدا نووســـی بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش، لە ساڵی 2015وە هەتا دەگاتە ساڵی لەدایکبوونت ڕووداوە گرنگەکانی جیهانت لە هەموو بوارێکی سیاسی، ئابووری، هونەری..تاد بۆ نیشان دەدات.